# گەڵی ڕۆژی

Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە،
حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

ژمارە (٢٠٣) یەکشەممە ٢-٣-٢٠٠٨


## ترازێدیای بووش بڵاو دەبێتەوە

دوێنی ١ی ئازاری ٢٠٠٨ لەژێر ناوی ترازێدیای بووش، نووسەری ناوداری ئەمریکا **یاکوب وایزبێرگ** کتێبێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا ڕەخنەی توندی لە سیاسەتی سەرکۆماری ئەمریکا گرتووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە شارەزایی لە هونەری سیاسەت و بەڕێوەبردن دا نیە، تەنانەت زانیاری مێژووییشی نیە، بەر لە داگیرکردنی عێراق جیاوازی لە نێوان سونەو شیعە دا نەدەکرد و ئاگای لە ناکۆکیەکانی ئەواندا نەبووە.



ل7 ئاڤاکرنا ژۆرا عەمەلیاتا نەبو بەلکو تەلهە بو!


ل5 چۆن دڵی هاوسەرەکەت خۆش دەکەیت؟!


ل4 ڕامان سەبارەت بە هەڵاتنی سوپای تورک


ل3 سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ پیرۆز دەکەین


# بەهۆی لەشکرکێشی تورکیاوە کێشەی پارتی و یەکێتی زیندوو دەبێتەوە

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەفتەنامەی **ڕۆژی گەلی** ڕاگەیاند: بەهۆی جیاوازی هەڵوێستی نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەبارەت بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکەش کێشە لەنێوان هەردوولا زیندوو بۆتەوە، هەرچی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە پێیوابووە کە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاندەرێک بووە تا سەرانی تورکیا پەلە لە ئۆپەراسیۆن بۆ ناو خاکی هەرێم بکەن، لەکاتێدا کە لێدوانەکان تەنیا بە ئامانجی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردستانیان بووەو لەچوارچێوەی ڕیکلامی حزبی ئەنجام دراوە، بەڵام سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش پێیوابووە کە ڕێککەوتن لەنێوان ئەنکاراو بەغداددا هەبووەو سەرکۆماری عێراقیش ئاگای لە ئۆپەراسیۆنەکە هەبووە، تەنانەت بەر لە دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە سەرکۆماری تورکیا لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا هەواڵەکەی بە ڕێزدار تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق ڕاگەیاندووە، لەم پێوەندەشدا نووسینگەی سەرۆک تاڵەبانی ناڕاستەوخۆ هەوڵی داوە کە گرژی و کێشەکان خامۆش بکاتەوە، لە ڕاگەیاندراوێکدا دووپاتی کردووە کە سەرۆک تاڵەبانی هیچ کات باوەڕی بەوە نەبووە کە کێشەی نێوان پەکەکەو تورکیا بە شەڕ یەکلایی دەبێتەوە، بەڵکو پێیوابووە کە دەبێ تورکیا ڕێز لە سەروەری خاکی عێراق بگرێ و ئۆپەراسیۆن لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق دا بەڕێوە نەبات. ڕێزدار تاڵەبانی دژی هەرجۆرە دەست تێوەردانێکی دەرەکیە.

## ئەحمەدی نەژاد سەردانی عێراق دەکات و جۆرج بووش تۆمەتباری دەکات

بڕیاروایە ئەمڕۆ یەکشەممە ٢-٣-٢٠٠٨ مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئیسلامی ئێران بە سەردانێکی فەرمی بگاتە بەغدادو لەگەڵ سەرکۆمارو سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی عێراق کۆببێتەوە.

سەرچاوەکانی هەواڵ و چاودێرانی سیاسی سەردانەکەی سەرکۆماری ئێران بە ڕووداوێکی گرنگ دادەنێن. دوێنێ ئەحمەدی نەژاد لە تاران بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گوت کە ئێران لەپێناو سەقامگیربوونی ئاسایش و برایەتی نێوان پێکهاتەکان دا هاوکاری عێراق دەکات، هەوڵ دەدات ئاسایش و هێمنایەتی بۆ عێراق بگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر ئاژاوەکانی ناو عێراق بەردەوام بن ئەوە کاریگەری نەرێنێ لەسەر ڕەوشی ئێران دادەنێ. هەر لەپێناو عێراقیەکانیشە کە کۆماری ئیسلامی هەنگاوی گفتوگۆی ڕاستەخۆی لەگەڵ ئەمریکا دەست پێکردووە. ئەحمەدی نەژاد هیوای خواست کە سەردانەکەی پێوەندی نێوان هەردوو گەل پتەوو بەهێز بکات، هەر لەو سەردانەشدا دە ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆل ئیمزا دەکرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک پەرلەمانتاری عێراقی دژی سەردانەکەی ئەحمەد نەژادن، لەسەر داوای ئەوان و حزبەکانیان دوێنێ لە شارەکانی تکریت و بەغداد واست وردە خۆپێشاندان کران، لەوانەیە ئەمڕۆش خۆپێشاندانی لەو شێوەیە دووپات ببێتەوە.

هەر لەپێوەند بە سەردانەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ ئێران، سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە جۆرج بووش نیگەرانی خۆی پێشان داوە لێی خواستووە کە دەستی هاوکاری بۆ عێراقیەکان درێژ بکات و چیتر گرفت و ئاژاوەیان بۆ دروست نەکات و پشتیوانی لە توندو تیژیەکانی ناو عێراق نەکات! هەروەها بووش وێڕای ئەوەی کە نیگەرانی دەبڕیوە، ئەحمەد نەژادیشی بەوە تۆمەتبار کردووە کە دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات.

## دەنگۆی هەڵواسینی عەلی کیمیاوی شەقامی عێراقی دەخرۆشێنێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ڕایانگەیاندبوو کە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق حوکمی لەسێدارەدانی عەلی کیمیاویان پەسند کردووە، هەروەها هێزەکانی ئەمریکاش ئامادەیی خۆیان بۆ ڕادەستکردنەوەی عەلی کیمیاوی پێشان داوە، بەوهۆیەوە لێداوان و ڕامانی جیاواز لەنێوان لایەنە سیاسەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق وەدیار کەوتنەوە، لایەنە سوونیەکان وەکو پێشوو خوازیارن کە کێشەکە قوڵ نەکرێتەوەو حوکمی ئەو تاوانبارانە جێبەجێ نەکرێ، هەرچی شیعەکانیشە دەیانەوێ عەلی کیمیاوی لەسێدارە بدرێ، بەڵام شێوازی هەڵواسینی سەدام دووپات نەبێتەوەکەچی لایەنی کوردی دەزانێ کە جێبەجێکردنی ئەو سزایەی بۆ تاوانباران دۆسیەی ئەنفال براوەتەوە دڵی بنەماڵەی قوربانیانی ئەنفال و شەهیدانی هەڵەبجە خۆش دەکات، بەڵام دیسانیشەوە خەمساری خۆیان پێشان دەدەن و نایانەوێ لە شاری هەڵەبجەدا سزاکە بەسەر تاوانباران جێبەجێ بکرێ.

هەر لە پێوەند بە دەنگۆی هەڵواسینی عەلی کیمیاوی دوو پرسی گرنگ قوت بوونەتەوە، یەکەمیان ئەوەیە بۆچی سەرۆکایەتی کۆمار حوکمی لەسێدارەدانی سوڵتان هاشم و حسێن تکریتی پەسند نەکردووە، هەروەها بۆچی دەسەڵاتی کوردستان نایەوێ عەلی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە لەسێدارە بدرێ؟!

لەلایەکی دیکەوە نەسیر عانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی عێراق ڕایگەیاندووە کە حوکمی لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی پەسەند نەکراوەوشتێکی فەرمی بڵاو نەکراوەتەوە، پارێزەری کیمیاویش دەڵێ ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو جێبەجێکردنی پەسند کراوە.

## ناوەندی چاک بە هەڵفڕاندنی فڕۆکە یادی هەڵەبجە دەکاتەوە

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ناوەندی **چاک** پێیڕاگەیاندنین کە کۆمیتەی سویدی ناوەندی چاک بڕیاری داوە لە بیستەمینساڵیادی کیمیاران کردنی شاری هەڵەبجە دا و لە ڕۆژی ١٦-٣-٢٠٨ لە شاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی وڵاتی سوید، بۆ بەرزراگرتنی شەهیدانی هەڵەبجەو ناساندنی زیاتری ئەو کارەساتە بە جیهانیان بۆ ماوەی یەک کاتژمێر واتە لە کاتژمێر ١٢ تا ٢٣ی ئەو ڕۆژە فڕۆکەیەک بەکرێ بگرێ و بەسەر ئاسمانی شارەکەدا هەڵیفڕێنێ.

سەرچاوەکە جەختی کردووە کە پارەی ئەو چالاکیە لەلایەن ژمارەیەک کوردی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەوە دابین کراوە و هیچ لایەنێکی سیاسی هاوکاری تێدا نەکردووە، هەرچەندە لە کۆمیتەی ئامادەکاری ڕێوڕەسمی یادکردنەوەدا چەندین لایەنی سیاسیشی تێدایە و چالاکیەکە بە ناوی ئەوانیشەوە بەڕێوەدەچێ.

سەرچاوەکە بە **ڕۆژی گەلی** ڕاگەیاند وێڕای ئەوەی کە ماوەیەکە گەمارۆی ڕاگەیاندن و ئابووری لەلایەن هەندێ لایەنەوە خراوەتە سەر ناوەندی چاک و دەیانەوێ دەنگی چاک بخنکێنن و چالاکیەکانی پێ کەم بکەنەوە، بەڵام ناوەندی چاک ڕاوەستاوانە درێژەی بە چالاکیەکانی خۆی داوە، ئەو چالاکیەش باشترین بەڵگەیە.

## ئەڵمانیا: سکرتێری گشتیSPDڕەخنە لە ئەردۆگان دەگرێ

**هۆبێرت هایل** سکرتێری گشتی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا کە ڕۆژی هەینی٢٩-٢- ٢٠٠٨ لە هەرێمی هامبۆرگ پێکهات و نوێنەری کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی بیانیش ئامادە بوون، سەبارەت بەو قسانەی کە ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە ڕەوەندی تورکی ئەڵمانیای گوتبوو کە ئێوە تورکن و نابێ کولتوری خۆتان بکەن، ڕەخنەی لە ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا گرت و بەوە تۆمەتباری کرد کە دەیەوی تورکەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا کولتوری ئەڵمان وەرنەگرن.

جێگەی ئاماژەیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی پلاتفۆرمی کوردی ڕوونیان کردبوووەوە کە کورد گەلێکی سەربەخۆیەو خاوەن کولتوری و زمانی خۆیەتی، ژمارەیەکی زۆری خەڵک کە لە تورکیاوە هاتوون و لە لەهامبۆرگدا دەژین، کوردن و تورک نین، بەوهۆیەوە داوایان کرد کە وانەیەکی کوردی لە فێرگەکاندا بخوێندرێ. **هۆبێرت هایل** لە وەڵامی نوێنەرانی کوردا گوتبووی: من دژی دەوڵەتی کوردی نیم، بەڵام مخابن دراوسێکانی کورد ئەوە قبوڵناکەن.

جێگەی ئاماژەیە کە قسەکانی سکرتێری گشتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا کونسوڵی تورکی تووڕە کرد، بۆیە کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت.

هاوکات و لە چوارچێوەی هەڵمەتی پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی هامبۆرگ دا کە لە بنکەی سەرەکی پارتی سەوز کۆبوونەوەیەک پێکهاتبوو، لێپرسراوی پلاتفۆرمی کوردی نەخشەی کوردستان و چەند زانیارییەکی پێویستی پێشکەش کردو سەبارەت بە لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر باشووری خاکی کوردستان ڕوونکردنەوەی پێویستیانداو بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان وەسفیانکرد.




## ڕۆژەڤ

شکانی سوپای تورکیا لەبەرانبەر گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا نەک هەر سەرکەوتنێکی گەورەی نیشتمانییە، بەڵکو ئەو دیوارە ترس و سامەشی شکاند کە چەندین ساڵە هەندێک سەرکردەو لایەنی کوردستانی خەڵکی پێدەترسێنن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شەڕی تورک بە خەڵکی کوردستان ناکرێ! ئەگەر لەشکری تورکیا بێ، کەس ناتوانێ پێشی پێبگرێ !! ئێستا ئەگەر تورکیا بانگەشەی کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان دەکات، دەبێ بزانین کە جگە لە هەڵاتن هیچ واتایێکی دیکە هەڵناگرێ، چونکە ئەوان هاتبوون نەگەڕێنەوە، تەنانەت سەرکردەکانی تورکیا لەخۆباییانە ڕایاندەگەیاند تا بنکەو بارەگانی گەریلاکان هەڵنەتەکێنین و پەکەکە لەناو نەبەین، ناگەڕێینەوە، هەندێک سەرکردەی خانەنشین ڕاشکاوانە دەیانگوت: ' پرس پەکەکە نیە! پرس و کێشەی ئێمە کەرکوک و بەهێزبوونی کوردەکانی عێراقە!' ئێستا بۆ هەموو ئەوانەی کە پێیان وابوو کورد شەڕی تورکی پێناکرێ، دەرکەوتووە کە زۆر بە ئاسانی شەڕی لەشکری تورکیا دەکرێ و زۆر بە ئاسانیش پێشی پێدەگیرێ، هەروەها دەشکێندرێ و ڕاویش دەنرێ.

هەڵاتنی سوپای تورکیا لە ئاکامی گوشارەکانی نێودەوڵەتی و ڕاسپارەو پێشنیاری جۆرج بووش و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوو، چونکە سەرانی تورکیا پێش لەشکرکێشی ئۆکەی و پشتیوانی ئەمریکاو ئیسرائیل و هەندێ وڵاتی دیکەیان مسۆگەر کردبوو، ژەنەراڵەکانی تورک چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە تەنیا چەند کاتژمێرێک توانای پێشڕەویان دەبێ و لە هەشتەمین ڕۆژدا بە ڕاکردن دەبێ بگەڕێنەوە، ئەوان پێیانوابوو چۆن بە ڕێ دەکەون ئاوا بێ ڕاوەستان لە کەرکوک پشوو دەدەن، بەڵام کاتێ ئێشی کوژران و ڕەقبوونەوەو دۆڕانیان چەشت، بەناچاری دەست لە لنگان بەرەو دواوە گەڕانەوە. سوپای تورکیا ئەمجارەیان نەک هەر نەیتوانی فارگۆنێک بۆ شەمەندەفەری وڵاتەکەی زیاد بکات، بەڵکو ئاکامی هەشت ڕۆژ بەگری و بەرخۆدانی گەریلا ترسی پچڕان و لێبوونەوەی فارگۆنێکی قەتاری تورکی لە دڵی شەڕخوازان و فراوانخوازاندا چاند، بۆیە نەک هەر نەپرژانە سەر کۆکردنەوەی تەرمی کوژراوەکانی، بەڵکو لە ڕاگەیاندراوێکدا کۆتایی لەشکرکێشی ڕاگەیاند، ئەمە لە کاتێکدایە کە هەموو جیهانیان دەزانن تورک بە برینداری هەڵدێ و بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە کە لێوەی هاتووە، بەوبۆنەیەوە ئێمە پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و تێکڕای ئازادیخوازانی جیهان دەکەین، دەستخۆشیش لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەموو ئەوانە دەکەین کە ئەو سەرکەوتنە شادومانی کردوون.

وێڕای ئەوانەشەوە دەبێ کوردستانیان و هێزە شۆرشگێڕەکانی بەهۆشیارییەوە ڕەفتار لەگەڵ ڕەوشەکەدا بکەن، چونکە پاوانخوازی و شەڕانگێزی سەرانی تورک کۆتا نەبووە.

## لەنێو پەرلەمانی فەرەنسادا نەخشەی کوردستانی گەورە دەکێشرێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٢٤-٢-٢٠٠٨ باڵیۆزی پێشووی فەرەنسا **بێرنارد دۆرین** لە نێو باڵاخانەی پەرلەمانی فەرەنسادا نەخشەی کوردستانی گەورەی کێشا.

جێگەی ئاماژەیە کە بێرنارد بەشداری لە کۆنفرانسی 'پرسی کورد لە سەدەی ٢١' دا کرد کە بەبۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس پێکهاتبوو، لەو کنفرانسەدا بێرنارد دۆرین کە پێشتر لە وڵاتانی، هایتی، ئەفریکای باشور، ژاپۆن، بەرازیل و بەریتانیادا وەک باڵیۆزی فەرەنسا کاری کردووە، لە ماوەیەکی کورتدا نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی کێشا، لەسەر نەخشەکەشدا بە ڕەنگی سوور نەخشەی کوردستانی گەورەی دیاریکرد و سنووری کوردستانی تا دەریای سپی برد.

**دۆرین** ئاشکرای کرد ئەگەر تورکیا بچێتە ناو یەکێتی ئەورووپا، ئەوکاتە کورد لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا کۆ نابنەوە، چونکە هیچ سوریاو عێراق و ئێران لە یەکێتی ئەورووپا وەرناگیرێن.


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com